١

# ئامانجی ئەدەبیات

## پێشەکی

بۆچی ئەم کورتە چیرۆکەم لە نێو نوسراوەکانی ماکسیم گورکیدا هەڵبژارد، لە فارسییەوە وەریگێرمە سەر زمانی کوردی؟
بە باوەڕی خۆم و مەزندەی ئەقڵی زۆر کەسی دیش ڕێنمونییەکی باشە بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ بنوسن.
جا، نازانم لە کاری وەرگێڕان و ئەمانەتداریدا سەرکەوتوم، و توانیومە نێوەرۆکی دەقاودەقی نووسراوەکە و کاکڵی بیرە پیرۆزەکەی گۆرکی بخەمە بەر چاوی خوێنەران یان نا. دیارە کە ئەمەش دەکەوێتە سەر ڕوانین و سەنگ تەرازووی ئەو کەسانەی کە دەخوێننەوە. جا چۆنی دەپێون و چۆنی دەکێشن خۆیان سەرپشکن.
من بەوە دڵخۆشم کە هیچ نەبێ خزمەتێکی بچووکم بە کتێبخانەی کوردی کردووە.
ئەم کورتەیەش کە سەبارەت بە ژیانی ماکسیم گۆرکی نوسیومە، بە پێی نووسراوەکانی گۆرکی و ئەوەی کە خەڵکی دیکە لە سەریان نوسیوە.

ڕەحمان سۆفی

ساڵی (١٩٩٣) سوێد

# بۆ چاپی دووهەم

چەند ساڵ لەمەو پێش ئەم نوسراوەیە کە مامۆستا «م. هە شفیعها» لە ڕوسیەوە کردویە بە فارسی وەرگێڕا سەر زمانی کوردی.
ناردم بۆ وەشانخانەی «کتێبی هەرزان»لە ستۆکهۆلم. کاک نێعمەتی عەلی مورادی، لەچاپی دا و بڵاوبووەوە. هەڵبەتە نووسراوەیەکی سوێدیشم بۆ نارد، بە داخەوە ڕەنجەکەم بەخەسار چوو. چاپی نەکرد، باش بوو دەست نووسەکەیم لای خۆم ماوە، دەنا خوا دەزانێ چ شڕەخۆرێک دەبوە خاوەنی.
ئەم نوسراوەیەش وەکوو بیستومە تا ئێستا لە هەرێمی بە ناو ئازاد، چەن کەرەت چاپ و کۆپییە کراوەتەوە، منیش لە مافی خۆم بێ بەش!. جاوەرە کورد غەدر لە ڕۆڵەی خۆی بکا!
ئەوە چاپی دووهەم دەنێرمە لای خۆێنەری خوێن گەرم وردبین.
ڕەحمان سۆفی
«٢٠٠٣» تاران

# سەبارەت بە ماکسیم گۆرکی

ماکسیم گۆرکی (ئالکسی ماکسیمۆویـــچ پشکۆڤ) لە ساڵی (١٨٦٨)ی زینیدا لە (نیژنی نۆیڤ گۆرد) کە ئێستا بە ناوی گۆرکییەوە ناو نراوە، لە نێو خێزانێکی هەژاردا لە دایک بووە. کاتێک دایک و باوکی دەیانەوێ زەماوەند بکەن، باوکی دایکی ڕازی نەبوە، گوتویە من بازرگانم و پیاو ماقوڵ چۆن خزمایەتی لەگەڵ کابرایەکی نەدار و فەقیردا دەکەم!

بەڵام، «خۆشەویستی بەردیش نەرم دەکا و خەنجەریش نایبڕێ». ئەو جووتە دڵدارە بەهەر چەرمەسەرێیەک بوە زماوەندیان کردوە. و ژیانی هاوبەشیان پێکهێناوە. بەڵام چەرخی چەپ نەیهاوردوە، هێشتا گۆرکی چوار ساڵان بووە باوکی نەخۆشییەکی کوتوپڕی پیوە نووسا، و چەن ڕۆژێک لە نێو جێگادا کەوتوە و پاشان کۆچی دوایی کردوە.

دایکیشی بە ناچار دەستی ماکسیمی گرتوە و بە بێوەژنی گەڕاوەتەوە بۆ ماڵی باوان. کەچی زۆری پێ نەچوو ئەویش ماڵاوایی لە ژیان و لە تاقانەکەی کردوە، و بە دەردی خۆشەویستەکەی چووە.

گۆرکی بێ دایک و باوک، لەو دەمەوە ڕێگای ژیانی دەربەدەری گرتە بەر. کاتێک کە گەورە بوو، بووە، نوسەر، لە ڕۆمانی «سەردەمی منداڵی من دا» نوسیویە «تەنیا کەسێک کە مایەی

دڵخۆشیم بوو، دەستی بە سەرمدا دێنا شەوانە چیرۆکی بۆم دەگێڕاوە و قسەی خۆشی بۆ دەکرڕدم تا خەو دەیبردمەوە و جێگای دایک و باوکی بۆ پڕ کردبومەوە تەنیا نەنکم بوو»

گۆرکی خوێندن و نوسین لەلای باوەگەورەی لە ڕووی کتێبی ئاینیەوە فێر بووە.

لە تەمەنی هەشت ساڵیدا، ناردیانەتە خوێندنگەیەکی پیشەیی، بەڵام نەیتوانی بەردەوامبێ. هەر بەو بۆنەیەوە لە ماڵی باپیری تۆراوە، و سەری خۆی هەڵگرت و بە دوای چارەنووسی خۆی کەوتوە، نەگەڕاوەتەوە بۆ ماڵی باپیری، لە ڕووی هەڵ نەهاتوە بگەڕێتەوە، چیّ جوابی نەنکی دابایەتەوە، ئەو بەڵێنی بە نەنکە پیرەی دابوو کە سەبر و تامڵی هەبێ، بەڵام. . .

لە دوای ئەم تۆران و نەگەڕانەوەیە بۆ ئەوەی خۆی بە خێوبکا باسکی مەردایەتی لێ هەڵماڵیوە و دەستی کردوە بکار کردن. لە باتی ئەوەی فێری پیشەیەک بێ، ئەمکارەی بەرداوە دەستی داوەتە کارێکی دی. هۆی ئەمەش ئەوە بووە کە خوتە و بۆڵەی وەستا و خاوەن کاری پێ قەبوڵ نەکراوە.

گۆرکی هەمە چەشنە کاری تاقیکردوەتەوە. هەر لە زەمین شوتن و گسک لێدانەوە بگرە تا شاگرد پینەچیەتی، شاگرد ڕەنگ کاری، باخەوانی، داربڕینەوە، باربەری و شاگرد ئاشپەزی لە گەمیدا. و گۆرانی بێژی بەکۆڕ . . .

گۆرکی کاتێک شاگرد ئاشپەز بووە هۆگری کتێب خوێندنەوە بووە. وەستاکەی پیاوێکی خوێندەوار بووە، هەمیشە کۆڵێکی کتێب لەگەڵ خۆی گێڕاوە. کاتی بێکاری و پشودان کتێبی دەخوێندوەتەوە، گۆرکیشی هان داوە بۆ کتێب خوێندنەوە. ئەویش کتێبی لێ وەرگرتوە و بە تامەزرۆییەوە خوێندویەتەوە.
ماکسیم گۆرکی لە ساڵی «١٨٨٤»دا هەوای چوونە زانستگە لە سەری ئەدا. دەچێ بۆ «کازان» بۆ خوێندن، بەڵام بۆی ناگونجی و ناتوانێ بخوێنێ.
بەناچار لە لەنگەرگەکانی کەناری دەریا ڕۆژی ١٣-١٤ سەعات کار دەکا. لە ساڵی ١٨٨٧ دا باری نالەباری ژیان و کۆمەڵ وای هروژم بۆ دێنن، دەیەوی خۆی بکوژی، بەڵام فریای دەکەون و دەیگەیەننە لای دکتۆر، لە مردن ڕزگاری دەکەن. جێ گولەلەکەی دەرمان دەکەن سارێژ دەبێ و چاک دەبێتەوە.

گۆرکی دیسان دێتەوە مەیدانی کار و تێکۆشان. ئەو برینە لە باری چوونە سەربازی بە قازانجی تەواودەبێ، لە خزمەتی سەربازی ڕزگاری دەکا. لە ساڵی ١٨٩١ دا کە نەبوونی و گرانی هەمو وڵاتی ڕوسیەی دەخاتە باری نالەباری قات و قڕی، بە میلیون خەڵکی هاژار و برسی مەجبور بوون بە دوای نان و ژیاندا لەم مەڵبەند بۆ ئەو مەڵبەند کۆچ بکەن. ئەوکاتە گۆرکیش یەکێک بوو لە و برسیيانە. بەدوای بژیودا ئۆکراین، کریمیە، و

قەفقازی پێوا. زۆر جار گیرا و خرایە بەندیخانەوە. پۆلیس لێ بەگومان بوو،کە پڕوپاگەندی دژی تزار دەکا. هەڵبەتە ئەم گەڕان و دەربەدەرییە ئەزمونێکی باش بوو بۆ گۆرکی نوسەر.

لە ساڵی ١٨٩٢ دا باوەکوکاریشی دەکرد، دوای ماندوو بوونی کاری ڕۆژانە شەوانە تا درەنگانێک دائەنیشت و دێخوێندەوە و دینووسی. لە هەمان ساڵدا هەوەڵین چیرۆکی بە ناوی ماکارچۆدرای نوسی و لە ڕۆژنامەی نێوچەیی کازاندا بڵاوی کردەوە. ئەم هەوڵ و تێکۆشانە هیوا بە خۆبوون و خەبات بۆفێر بوون و فێرکردنی لە گۆرکیدا زیاتر دەکرد.

وردە وردە خۆی گەیاندە کۆڕی خوێنەران و نووسەران و دەستەی شۆڕشگێڕانی ئەو سەردەمە.

پێش بزوتنەوەی ساڵی ١٩٠٥ یانی شۆڕشی دژی تزار و ڕژیمە کۆنەپەرستی تزار، گۆرکی دوو چیرۆکی دیشی نووسی. دوای سەرکوت کردنی بزوتنەوەی ١٩٠٥ گۆرکی دەچێتە دەرەوەی وڵات. لەو سەردەمەدا ڕۆمانی بە ناوبانگی دایک دەنووسێ. و بە نهێنی و بە یارمەتی هاوڕێکانی بڵاوی دەکاتەوە. دادگای کۆنەپەرستی ئەو سەردەمە بە تاوانی نووسینی ئەو ڕۆمانە کە باشترین هاندەری بزوتنەوەی کرێکارییە بانگی دکا بۆ محاکەمە، بەڵام گۆرکی لەو دەمەدا لە وڵات نەبوو، پۆلیس دەستی پێی ڕانەدەگەیی.

گۆركی زۆر چیرۆكی جۆرا و جۆری نووسیوه، وه‌ک نه‌نه ئیزرگیل، سه‌رده‌می منداڵی من، له نێوگه‌لدا، داستانی سێ كه‌س، زانكۆكانی من، گۆشه‌یه‌ک له بیره‌وه‌ریه‌كانم كه زۆرتر له باره‌ی ئیتالیاوه‌یه، ڕۆمانی مێژوویی ژیانی كلیم سامگین و ڕۆمانی فۆماگاریف، كه ده‌ڵێن له ریزی شاكاره‌كانی تۆلستۆی له قه‌ڵم ئه‌ده‌ن، هه‌روه‌ها چه‌ن شانۆنامه‌ی درامتیک و سه‌دان چیرۆک و نویل . . .
ماكسیم گۆركی دوای شۆڕشی ئۆكتوبر ده‌بێته به‌ر پرسی یه‌كیه‌تی نووسه‌رانی سۆڤیه‌ت. له ساڵی ١٩٢١ دا میكرۆبی ده‌ورانی منداڵی و نه‌خۆشی له له‌شیدا ته‌شه‌نا ده‌كا و ده‌بێته هۆی نه‌خۆشی و ده‌ردی بێ ده‌رمانی پێوه ده‌نووسێ. وه‌ک ده‌ڵێن به ڕاسپاردنی لینین، ده‌چێ بۆ ئیتالیا. له‌ساڵی ١٩٢٨ دا ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ سۆڤیه‌ت. به‌ڵام جار جار گه‌رمین و كوێستانی بۆ ده‌كا. زستانان ده‌چێته‌وه بۆ ئیتالیا و هاوینان ده‌گه‌ڕیته‌وه بۆ سۆڤیه‌ت.
له‌ساڵی ١٩٣٣ به‌ولاوه بۆ یه‌كجاری له مۆسكۆڤدا نیشته‌جێ ده‌بێ. ماكسیم گۆركی كه به حه‌ق یه‌كێكه له گه‌وره‌تین نووسه‌ره‌كانی هه‌موو مرۆڤایه‌تیه له ساڵی ١٩٣٦ دا بۆ هه‌میشه ماڵاوای له ژیان و له‌هونه‌ر ده‌كا، گه‌نجینه‌یه‌كی بێ وێنه‌ی بۆ نه‌وه‌ی دوای خۆی بجێ هێشتوه.ئێستا گۆڕه‌كه‌ی له ڕیزی

گۆڕی شۆڕشگێڕانی نیشتمانەکەیدا لە مەیدانی سوور، جێگای سەرنجی هەموو ڕێبوارێکە.

ڕەحمان سۆفی (١٩٩٣)

# ئامانجی ئەدەبییات

شەو بوو، لە کۆڕێکی دۆستانەدا دوا چیرۆکی لە چاپدراوی خۆمم خوێندەوە. وەدەرکەوتم و چمومە سەر شەقام. چونکە گەلێک ئافەرین و دەست خۆشم پێگوترا بوو، شادمانییەکی لە دڵان خۆش لە گیانمدا گەشەی دەکرد.
بە ئەسپایی لەو شەقامە چۆڵەدا پیاسەم دەکرد. بۆ یەکەم جار لە تەمەنی خۆمدا تا ئەو ڕادەیە لە خۆشی ژیان سەرمەست بوم.

مانگی ڕیبەندان و شەوێکی ساو بوو. ئەستێرەکان ئاسمانی بێ هەوریان تەنیبوو. زەوی جلێکی پڕ شکۆی لە بەفری تازە پۆشی بوو. سەرمایەکی دڕ لە ئاسمانەوە بەرەو زەوی هێرشی دەهێنا. پرچی دارەکان بە شان و ملی دیوارەکاندا شۆڕ ببونەوە، بە سێبەری خۆیان نەقش و نیگارێکی جوان و دوور لە باوەڕیان لە سەر ڕێگاکە کێشابووەوە. داناری بروسکەداری بەفر لەژێر شەوقی کەوە و پڕ لاوانەوەی مانگەشەودا ئەدروشانەوە. دیمەنێکی دڵڕفێن و شادی هێن بوو.

زیندەوەرێک لە هیچ لایەکەوە نەدەبینرا. دەنگی خشەخش و کرچەکرچی بەفر لە ژێر پێمدا تەنیا دەنگێک بوو. کە بێدەنگی شکۆداری ئەو شەوە ڕووناک و لە یاد نەچوەی دەشکاند.
لە بەر خۆمەوە دەمگوت چەن خۆشە کە مرۆڤ لە دنیادا لە نێو گەلدا پایەبەرز و بەنرخ بێ! ئەم بیرە داهاتوویکی ڕوون و پڕشنگداری بۆم دەکێشاوە.
لەم خەیاڵەدا بووم، لە پڕ دەنگی کەسێک لە پشت سەرمەوە کە لە سەرخۆ قسەی دەکرد ڕاپچڵەکاندم. دەنگێک گوتی

«ئەتۆ شتێکی باشت نووسی بوو. بەڵی زۆر جوان و بەرز بوو.بە بیستنی ئەم دەنگە چاوەڕوان نە کراوە تەواو شڵەژام. ئاوڕم داوە، تماشام کرد کابرایەکی کورتەباڵا، کە جلوبەرگێکی ڕەشی لە بەردا بوو، خۆی گەیاندە من و پێ بەپێی من کەوتەڕێ. پێکەنینیکی بتاوێن لەسەر لێوەکانی خۆی دەنواند. لەژێرا بۆسەر نیگای گرتبوە ڕوخساری من.
سەر تا پای ئەو کابرایە دڵگیر و سەرنج ڕاکێش بوو. ڕوانینی، سەرگۆنای، چەناگەی، ڕیشە نوک بارێکەکەی، گوێچکە زلە و پانەکانی و. بەکورتی هەموو ئەندامە خڕیلانە تێکسمراوە پتەکەی چاو ڕفێن بوو.
بە شێوەیەک بێ دەنگ و سووک دەڕۆیی وەک ئەوەی کە لەسەر بەفرەکە بخزێ. لەو جێگایەی کە چیرۆکەکەی خۆمم

خوێندەوە ئەم کابرایەم نەدیبوو. هەر بۆیەش بە بیستنی دەنگی و دیتنی سیمای سەرم سوورِ ما، ئەم کابرایە کێ بوو، لە کوێوە پەیدا بوو، لێم پرسی:

تۆش گوێت لێبوو؟

گوتی «بەڵێ چێژیشم لێوەرگرت. بە دەنگێکی گڕەوە قسەی دەکرد. لێوەکانی ناسک بوون. پێکەنین لە ژێر سمێڵە ڕەشە تەنکەکەیدا لە چاو ون نەدەبو. زەردەخەنە لەسەر لێوی . ئەو زەردەخەنی ئەو ئاسەوارێکی ناخۆشی لە گیانمدا بەجێ هێشت. هەستم بەوە دەکرد کە لە توێ ئەم بزەیەدا فکرێکی چزودار و ڕەخنە گرانە خۆی داگرتووە.

بەڵام ئەوندە کەیف خۆش بووم پێڕانەگەیشتم کە لە چۆنیە تفکرەکە تێبگەم.

بزەی سەر لێوی وەکو تارماییەک لە نیگامدا تواوە. لە بەرانبەر ڕۆح سووکی و ڕووناکی هەستمدا بە خێرای خۆی وەشارد.

شان بەشانی ئەو دەڕۆیشتم و چاوەڕوان بووم بزانم دەڵێ چی. لە ناخەوە ئاواتەخواز بووم کە تۆزێکی دی بە تام و چێژ و شیرینی ئەو چەن ساتەم زیاد بکا!

مرۆڤ تینوی ئەوەیە کە خاسی بێژن، تاریفی بکەن، چونکە چارەنوس بە دەگمەن لە ڕووی مێهرەوە بە دەمیەوە پێدەکەنێ.

کابرای هاوڕێم گوتی:«بەڕاستی زۆر خۆشە کە ئینسان خۆی بە تاقانە بزانێ و هەست بکا لە خەڵکی دی زیاتر و باڵادەستترە، بە تۆش وانییە؟
لە پرسیارەکەیەوە هەستم بە شتێکی تایبەتی نەکرد و بە پەلە هاوبیری خۆمم لەگەڵ ئەو دەربڕی.

ئەو، بەتوڕەیەوە قامکە لەڕە باریکەکانی دەستە چکۆلەکانی تێک هەڵپێکا و سەر لەنوێ دەستی کردەوە بە پێکەنین هە ها هە بە پێکەنینەکەی دڵمی ئازار ئەدا، هەر بۆیەش بە سارد و سڕییەوە گوتم:

تۆ مرۆڤێکی زۆر ڕووخۆشی. بە بزیەکەوە بە سەر لەقاندن قسەکەی منی وەرگرت و گوتی:

«بەڵێ مرۆڤێکی ڕووخۆشم. زۆریش لە شت وەرد دەبمەوە، هەمیشە دەمەوێ فێربم. تێبگەم و سەرم لە شت دەربچێ ئەمە

تێکۆشانی منه. هەر ئەوەشه کە دوێرم. ئێستا دەمەوێ بزانم تۆ ئەم سەرکەوتنەت بە چ قیمەتێک بەدەست هێناوه؟»

بە بێمەلی بە سیلەی چاو نیگایەکم تێگرت و گوتم:
بە بایی مانگێک کار، بەڵکو کەمێ زیاتر.

کابرا گوتی:«بەڵێ تۆزیک زۆحمەت و کەمێک تەجرەبەی ژیان کە هەمیشەش بایەخێکی زۆری نییه، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بێ بایەخ نییه. قازانجی تۆ ئەوەیە کە ئێستا هەزاران کەس بە خوێندنەوەی نووسراوەکانت دڵیان لەلاتە، پاشانیش هەندێک هیوا و هومێدت بەوەیە ئاخۆ تۆ چی بە ئێمە دەبەخشی کە ڕەنگە . . .
نەشمێنی، لەپارسەنگی ئەو هەموو ئاوات و ئارەزوانە کە تۆ بە ئێمەی ئەدەی ناکری زۆر زیاتر لەوە، بەدەست بێن. بەتۆش هەر وانییە؟»
کابرا هەمیسان پێکەنینە جزوودارەکەی پچڕ پچڕ دەست پێکردەوە. بە چاوە ڕەشە زیتەکانی نیگایەکی پڕ مانای گرتە سەر تا پای من.
منیش لە پەنجەی پێیەوە تا تەپڵی سەری دامە بەر پلاری سەرنج، بە ساردی و دڵشکاوییەوە لێم پرسی:

«ببوره دەتوانم بزانم شانازی وتو وێژگم لەگەڵ چ کەسێکا هەیە؟»
گوتی« من کێم، گومان نابەی؟ بە پێچەوانەی ویستی تۆ ئێستا نامەوێ بڵێم من کێم، مەگەر بە، باوەڕی تۆ ناوی شەخس گرینگترە، یان ئەو شتەی کە بە تۆی دەڵێ؟»
گوتم«هەڵبەت نا. بەڵام بەلامەوە سەیرە کە . . .»

هاو وتو وێژەکەم بە بێ ئەوەی گوێ بداتە قسەکانی من، قۆڵی پاڵتۆکەمی گەرت و بە پێکەنینەوە دەستی کرد بە قسە کردن

گوتی«باشە لێگەڕێ با سەیربێ، سەیر ئەوەیە، کە بۆچی مرۆڤ ئەو ئیزنە بە خۆی نادا کە لە چوارچێوەی سادە و ئاسایی بەولاوە هەنگاوێک باڵاتر هەڵگرێ. ئەگەر تۆ دژی بەم مەتڵەبە نی، وەر با ڕیک و ڕاست پێکەوە بدوێین! وای دانێین من خوێنەری چیرۆکەکانی تۆم، خوێنەریکی سەیر و زۆریش وردبین، دەمەوێ بزانم بۆچی و چۆن کتێبێک نووسراوە. با قسەی لەسەر بکەین»

گوتم«فەرموو تکایە، ئەم جۆرە قسەکردانانەم زۆر بەدڵە، فەرموو هەموو ڕۆژێک وا هەڵناکەوێ. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ درۆم لەگەڵ دەکرد. چونکە قسەکانیم بە دڵ نەبوو، بیرم لێ

دەکردەوە، ئەم کابرایە چی لە من دەوێ. بۆچی و بە چ هۆیەکەوە ئیزن بەخۆی ئەدا ئەم جۆرە دەمە تەقەیە لەم چەقی ڕێگایەدا لەگەڵ من بکا. بە خۆمم دەگوت - من بۆچی دەمەتەقێ لەگەڵ بابایەکی نەناسیاودا بکەم، و ناوی بنێم وتو وێژ؟-

بەڵام هەر جۆرێک بوو، ئەهۆن لە تەنیشتییەوە دەڕۆیشتم و تێدەکۆشام لەگەڵی ڕوو خۆشبم. بە زۆری دەمتوانی خۆم وا بنوێنم، هەر جۆرێک بوو. زاتم وەبەرخۆمدەنا، نەمدەویست بە گوێنەدان بە قسەکانی و قسە لەگەڵ نەکردن، دڵی ئەم کابرایە لەخۆم بێشێنم. بڕیارمدا ئاگام لە خۆمبێ.

شەوقی مانگەشەوەکە لە پشتەوە تریفەی داویشت و سێبەرەکانی ئێمەی تێکەڵاوی یەکتر دەکرد و دەیکردبە تارماییەک کە لە پێش ئێمەوە لە سەر بەفرەکە دەخزی. من دەمڕوانییە سێبەرەکان، وام هەست دەکرد کە شتێکی تاریک وەک ئەم سێبەرانە لە پێش منەوەیە و نایگەمێ لە دەروونمدا پێکهاتووە.

هاوڕێکەم بێدەنگ بوو، پاش ئەوە بە شێوەیەکی خاترجەم وای دەنواند کە بەسەر فکری خۆیدا زاڵە، دەستی کردەوە بەقسەکردن و گوتی:

«لەژیاندا هیچ شتێک لە هۆی کردەوەی وردبینانەی مرۆڤ گرینگتر نییە، دەنا وانییە؟»

به سەر لەقاندن جوابم داوە کە وایە.

ئەو گوتی« وایە، کە وایە وەرە با ڕێک و ڕاست لەگەڵ یەکدی بدوێن، ئێستا کە لاوی، کاتی ئەوەت هەیە، ڕێک و ڕاست قسەکردن لە دەست خۆت مەدە»
گوتم باشە باسی چ بکەین؟
گوتی:«با، باسی ئامانجی ئەدەبیات بکەین»
بەو قسەیە سەرم سوڕما و ڕاوێستام، بە دەنگیدا باوەڕ پێکراویکی پتەو لە وتەکانی ڕا ئاسەواری لاتاو هاویشتن دەر دەکەوت.
ڕاوەستام و ویستم شتێیەکی لێ بپرسم، بەڵام ئەو دەستی گرتم و لە هەمانکاتدا بە ئەسپایی بە پێ لێ داگرتن منی بۆ لای پێشەوە دەکێشا.
گوتی:«نا ڕامەوێستە، چونکە من و تۆ بەڕێگایەکی باشدا ئەڕۆین. پێشەکی بەسە بێژە بزانم مەبستی وێژەوانی چییە؟ تۆ کە خزمەتکاری ئەدەبی ئەشێ ئەمە بزانی»
بە قسەکانی تەواو شڵەژابووم. سەرم سوڕ مابوو، خۆمم نەدەناسییەوە. لەخۆم دەپرسی -ئەم کابرایە چی لەمن دەوێ؟
گوتم «بڕوانە ئەوە قەبوڵکە کە ئەوەی لە نێوان من تۆدا ڕووئەدا...
نەیهێشت قسەکەم تەواوکەم

گوتی:«بنج و بناوانێکی دروستی هەیە، باوەڕم پێبکە لەدنیادا هیچ شتێک بە بێ بنج و بناوانێکی ڕاست و دروست پێکنایە. گورجتر بڕۆین! بەڵام نەک بۆ پێشەوە بەڵکو بۆ قوڵایی و بناخە. . .»

بە بێ ئەملا ولا ئەم کابرایە مرۆڤێکی سەرنج ڕاکێش و لە دڵەوە نزیک بوو. بەڵام خەریک بوو تورەی دەکردم، من هەر بە تاڵۆکە دەڕۆیشتم، بەڵام ئەو بە ئارامی بەدوامەوە دەهات.

لە پڕێکدا گوتی:

«من لە مەبەستی تۆ تێ دەگەم، شیکردنەوەی ئامانجی وێژەوانی بۆ تۆ کارێکی دژوارە، بەڵام من تێ دەکۆشم لە باتی تۆ ئەم کارەبکەم. هەناسەیەکی هڵکێشا، و ڕوانییە ڕوخساری من و لەسەری ڕۆیی،

«ئەگەر بڵێم ئامانجی ئەدەبیات ئەوەیە کە یارمەتی مرۆڤ بدا تا خۆی بناسێ و باوەڕی بە خۆ بوونی بەهێزتربکا، سۆزی ڕاستەقینە و خەبات دژی شەڕ و ناپاکی لە نێو گەڵدا بڵاو بکاتەوە، بتوانێ خو و ڕەوشی باشیان تێدا بدۆزێتەوە، لەگەڵیاندا جوامێری، داوێن پاکی، غیرت و ئازایەتی بهاروژێنێ و کارێکی وایان تێبکا کە گەلێکی ئازاد و بەهێزبن و بتوان ژیانی خۆیان لەگەڵ ڕۆحی پیرۆزی و جوانی و بێ خەوشی یەکخەن، قەبوڵ دەکەی کە وایە، بیر و ڕای من وایە. دیارە بۆی هەیە بری و ڕایەکی تەواو نەبێ. ئەمە تەنیا گەلالەیەکە، بەڵام ئەم گەلاڵەیە

دەتوانی گەشەبکا و هاندەری گیان وەبەر هێنانی ژیانی نوی بێ، بەڵێ بزانم لەگەڵ من هاوڕای یان نا»

گوتم:«بەڵێ لەگەڵتم لاموایە هەر وایە. خەڵک پێیان وایە کە ئەرکی وێژە ئەدەبیات ئەوەیەکە بە کەسایەتی مرۆڤ هەڵبلێ و هەست و مێهری ئەوان نەرم و نیان بکا. . .»
نەیهێشت قسەکەم تەواوکەم بە ئاوایەکی ڕەوان گوتی:
«بۆ خۆت دەبینی کە چ خزمەتێکی مەزن دەکەی!»
دیسان لە سەر ڕاوە پێکەنینە چزوودارەکەی دەست پێ کردەوە ها...هە ها
وامنواند کە پێکەنینەکەی دلازاری نەکردم لێم پرسی:
«باشە مەبەستی تۆ لەم قسانە چییە؟»
گوتی«خۆت چۆن بیر دەکەیەوە؟»
گوتم ڕاست پێ بلێم. بەلام کەوتمە بیری ڕا و بۆ چونە توند و تیژەکەی ئەو. بێ دەنگ بووم.
لەخۆم دەپرسی مەبەستی لە ڕێک و ڕاست قسەکردن چییە؟
ئەم کابرایە گەوج نییە، دەزانێ کە ڕادەی نێوان مرۆڤ چەن بەر تەسکە، هەستی خۆپەرستی مررف تا چ رادەیەک بەرتەسکییە لە جێگای خۆیدا ڕادەگرێ
تەماشایەکی کابرام کرد، هەستم بەوەکرد کە پێکەنینەکەی ئەو چەندە گیانم ئازار ئەدا. ئەگەر بزانن چندە تەوس و پلار لە

بزەکەیدا خۆی داگرتبوو. هەستم بەوە کرد لە شتێەک دەترسم. ئەم ترسە هانی ئەدام کە لێی دوور کەومەوە.
کڵاوەکەمم لە سەرم داگرت و بە لالوتێکەوە
-گوتم خودا حافیز
ئەویش بەئارامی بەڵام بەسەر سوڕمانەوە
-گوتی «بۆچی دەڕۆی!»
-گوتم چونکە پێم خۆش نییە گاڵتە کردن لە سنورێکی دیاری کراو تێ پەڕبێ.
-گوتی«تەنیا لەبەر ئەوە دەڕۆی، کەیفی خۆتە، بەڵام ئەوە بزانە ئەگەر لە لای من بڕۆی، هەرگیز یەکتر نابینینەوە!»
ددانی لە سەر وشەی هەرگیز داگرت و بە شێوەیەکی ئەوندە پتەو و بە ئاهەنگ گوتی کە وامزانی دەنگی زەنگی مەرگ و نمانم دێتە گوێ. من ڕقم لەم وشەیە، لێ دەترسم، چونکە پێم وایە ئەم گوتنە وەکوو کوتکێکی قورس و سارد وایە کە لەمێژە بۆ ئەوە دروست کراوە کە هیوای گەلی پێ لە نێو بەرن. ئەم وشەیە منی تاساند.
بە دڵپڕییەوە لێم پرسیم چیت لەمن دەوێ؟
ئەو هەمیسان پێکەنینکەی جارانی دەست پێ کردەوە
گوتی«وەرە لێرە دانیشین!»
لەو کاتەدا من و ئەو لە جادەی باخی گەلیدا لە نێو لق و پۆپی بێ بزوەی داری کاژ و بەڕوی سەهۆڵ بەستدا بووین. دەتگوت

ئەو لق و پۆپە سەهۆڵ بەستە و شوش و باریک و نوک تیژاندا
کە لە ژێر تریفەی مانگدا ڕووناکتر دیار بوون و بەسەر سەری
ئێمەوە شۆڕ ببونەوە و لە سینەمدا هەڵدە بلۆقانەوە و خۆیان
دەگەیاندە دلم. لە هەڵسوکوتی ئەو کابرایە سەرم سوورمابوو،
بەڵام مات و بێدەنگ بووم. بۆ ئەوەی بتوانم لە بەرانبەریدا
خۆم ڕاگرم و ورە بەرنەدەم، بەخۆمم گوت«ئەم کابرایە شێتە»
کەچی هەر وەکو ئەوەی کە بیری منی خوێندبێتەو
گوتی«تۆ پێت وایە من شێتم، ناتەوێ گوێ بدەی بە قسەکانی.
من، بزانە ئەم کەمتەرخەمییە، ئەم ئەندێشە ناپەسندە، چۆن
پەیوەندی نێوان مرۆڤ ئاڵۆزتر دەکا، چۆن ئێمە لە یەکتر دوور
دەخاتەوە ئەم بۆچونە لەکلەت دەرکە، چونکە زۆر بێ مانایە
و بەزەرەرتە. کاتێک کەسێک لە ئێمە بە بیر و هۆشترە نامانەوێ
لە قسەکانی تێ بگەین دڵی خۆمان بەوە خۆش دەکەین»
لە حاڵێکدا کە خۆمم لە بەرانبەر ئەم پیاودا زیاتر لە هەمیشە
شەرمەزار دەبینی
گوتم ها، بەڵێ بەڵام دەبێ ببوری من دەبێ بڕۆم چونکە کار
هەیە.
کابرا شانی هەڵتەکاند و گوتی
«بڕۆ، بەڵام ئەوە بزانە کە زۆر بەزەرەرت تەواو دەبێ،لە
فێربوونی زۆر شت بێ بەش دەبی!»

ئەوەی گوت و دەستی منی بەردا و ڕۆیی، لەیەک جیا بوینەوە.
ئەو لە نێو باخەکەدا لەسەر تەپۆڵکەیەک کە ڕوو بەڕووی چۆمی «ڤۆلگا» هەڵکەتبوو. و بەفرێکی تەنک و سپی دایپۆشیبوو و ڕێچکەیەکی ڕەشێنی لە نێوەڕاستدا کردبووی بە دوو بەشەوە، بەتەنیا ماوە.
بەرانبەر بە دیمنەی پان و بەرینی بێ دەنگ و خەم هێنەری ئەو پەڕی چۆمەکە. لەسەر یەکێک لە کورسیەکان نێو باخەکەدا دانیشتبوو. چاوی بڕیبوە ئاسۆی دوور و بەسەرنجەوە دەیڕوانی. منیش لە درێژایی جادەکەدا دڕۆیشتم، و تی دەفکریم کە چۆن بچم و بەو کابرایە کە لەوێ دانیشتوە نیشان بدەم کە لەلای من هیچ بایەخێکی نییە، دوودڵ بوم خێراتر بڕۆم یان لە سەرە خۆبم!
لەو کاتەدا کابرا بە فیتو ئاهەنگی گۆرانیەکی لێ دەدا کە بە گوێم ئاشنا بو، دەمناسییەوە، دەمزانی کە ئەم گۆرانییە خەم هێنەرە بە گاڵتە بۆ کوێرێک دانراوە کە دەوری سەردەستەی کوێرەکانی پێ سپێردراوە.
بۆچی کابرا ئاهەنگی ئەم گۆرانییەی بە فیتو. لێ ئەدەکاتە تێگەیشتم کە هەر لەهەوەڵەوە کە لەگەڵ ئەم پیاوە خڕیلانەیە بوومە ناساو، پێم ناوەتە بازنەیەکی تاریک و پڕ لە سۆزی و بەتین و هەستی بەگوڕ. چاوەڕوانی شتێکی قورس و نادیار تەم و مژێکی تاریک باڵی بەسەر گیان و چۆنیەتی لەخۆبایی بوون و

کەمتەرخەمی ئەو چەن ساتەی لەوە پێشمدا کێشا. وشەگەلی هۆنراوەی ئەو گۆرانییەم وەبیر دەهاتەوە کە ئەو کابرایە بە فیتو دەیخوێندەوە

«تۆ کە خۆت ڕێگا نازانی   ڕێنوێنی چلۆن دەزانی؟»

گەڕامەوە، چاوم لەکابرا کرد ئانیشکی نابوە سەر ئەژنۆی، لەپی دەستی دابوە بەر چەناگەی و دەیڕوانییە من و فیتوی لێ دەدا. سمێڵە ڕەشەکەی لەژێر تریفەی مانگەشەوەکەدا بریقەی دەهات.

هەستێکی خەمبزوێن ڕایچلەکاندم. بڕیام دا بگەڕێمەوە. بەپەلە لێی نزیک بومەوە و چوم لە پەنایەوە دانیشتم. بە بێ هەڵچون بەڵام بە گەرمی گوتم

گوێ بەدەیە، باسادە قسە بکەین!

سەری ڕاوەشاند و گوتی

«سادە قسە کرن بۆ لەیەک تێگەیشتن پێویستە»

گوتم هەست دەکەم قسەکانی تۆ لەسەر من کاریگەرە، بەڕواڵت دەتەوێ شتێیک بە من بڵێی

گوتی«ئاخرەکەی وێرات گوێ لە قسەم بگری!»

بەڵام، پێکەنینەکەی ئەمجارەی تۆزێک نەرمتر ببوەوە، بگرە کەمێکیش بۆنی شادی لێوە دەهات.

گوتم ئەگەر وایە بێژە ئەگەر دەتوانی بە بی بێنە وبەرە، قسەی خۆتبکە

گوتی«باشە، بەڵام، دەزانی کە ئەم بێنە و بەرەیە، بەتایبەت بۆ سەرنجراکێشانی تۆ پێویست بوو»

مرۆڤ هەر بەوجۆرە کە زبر دەخاتە پشت گوێ هەرواش پێخۆش نییە گوێ بداتە قسە و باسی ڕون و ساکار. هەر بەو شێوەیە کە خۆمان سارد و سڕ و بێ گیانین، هەرواش ناتوانین گیان وەبەر شتگەلی دەور و بەرمان بێنین و بە هێز و تینیان نیشان دەین!

ئێستا وادەر دەکەوێ ئێمە داواکاری بیر و خەیاڵی جوانین، ئاواتەخوازی ڕووداوەی سەیر و سەمەرەین. چونکە ئەم ژیانەی کە ئێمە بۆ خۆمانمان پێکهێناوە جوان نییە! تاریکە، خەمزۆکە ئەو هەلومەرجەی کە زەمانێ دەمانویست بە تین و تەوژمێکی فراوانەوە پێکی بێنین، ئێمەی تێکشکاندوە. چ دەکرێ لەوانەیە ئینسنا بتوانێ بە یارمەتی خەون و خیاڵ بۆ ماوەیەکی کورت دڵ لە زەوی هەڵکەنێ و هەڵفڕێ بۆ ئاسمان. لەوسەرەوە بڕوانێتە ئەو جێگا و پلەیری کە لە دەستی دەرچوە. دنا وا نییە، چونکە مرۆڤ ئیتر سوڵتانی ڕووی زەوی نییە.کۆیلەی ژیانە و بە سەر دانەواندنەوە لە مەڕ ڕاستی مل برزی تایبەتی خۆی وەک سەر تۆپی گیانلەبەران لە دەستداوە، دەنا وا نییە؟ لەو

ڕاستییانە کە خۆی دروست کردون ئاکام وەر دەگرێ و بە خۆی دەبێژێ

«ئەم داب و دەستورە نا گۆڕدرێ وەختێک لەم داب و دەستوەر پەیڕەوی دەکا، هۆشی لای ئەوە نییە کە لەسەر رێگای ژیانی ئازاد و خولقێنەری خۆیدا رێگای خەبات بۆ ئەم مافە کە بتوانێ دابی کۆن تێکشکێنێ و شتی نوێ بخولقێنێ بەرهەلستێکی ساز کردوە. تێناکۆشێ، بەڵکو تەنیا خۆیە لەگەڵ ئەم بارە ڕادێنی. بۆچی خەبات بکا؟ کوا ئەو ئامانجانەی کە مرۆڤ بتوانێ دەست بداتە کارێکی گەورە وگرینگ و خۆی بۆ بەختبکا، هەر لەبەر ئەوەشە کە ئینسان تا ئەو ڕادەیە بێچارەیە، تا ئەو ڕادەیە لاواز و بێتوانایە. تاقمێک نەزانانە و کوێرانە بە دوای شتێکدا دەگەڕێن کە بۆیان ببێتە ئیلهام و باوەڕی مەردمی پێ ببزوێنن. زۆرجار بۆ ئەو مەبەستە دەگەڕێن کە گەل یەکخەن پییان وایە هەمو شتێک هەر ئەوەیە. ئیدی ڕووناکە نە ئەو جێگایە کە خۆلقاندنی لێیە. . . .

جا دیارە ئەوانەی کە لەڕێگای ڕاستەوخۆی گەیشتنە ڕاستی بە هەڵدا دەڕۆن لە نێو دەچن گەڕێ بالە نێو بچن، نابێ بەریان بگیرێ ئەوانە بۆ ئەوە نابن خەمیان بۆ بخۆین. مرۆڤ تەنیا خواست و مەیلی بۆ دۆزینەوەی یەزدان گرینگە. ئەگەر لە گیتیدا گیان لەبەر گەلێک پیدا ببن کە حەزێکی یەزدانی لە

دڵیاندا بێ یەزداش گیانیان وەبەر دێنەێ. ئەمە حەزی لەبن نەهاتوی هەتا هەتایە بۆ گەیشتن بە کەماڵی ئینسانی، وانییە؟»
گوتم بەڵێ هەروایە
هاو گوت و بێژەکەم هەر وەک جاران لە سەرڕاوە پێکەنینە گیان ئازارەکەی دەست پێکردەوە و گوتی
«بەڵام تۆ زو قەبوڵت کردا!»
ئەم جار بێدەنگ بوو، دەیڕوانییە شوێنێکی دورو دەست. بێدەنگیەکەی زۆری پێچو، بە بێوازی ئاخێکم هەڵکێشا. ئەویش بەبێ ئەوەی چاوی لە دوور هەڵبڕێ ئاوڕی داوە بۆ لای من و پرسی «خوای تۆ کێیە؟»
بەر لە پرسیارەکەی شێوی قسە کردنی نەرم و بلاوێن بوو،گوێڕاگرتن بۆ قسەکانی جێگای سەرنج بوو، وەک هەموو مرۆڤێکی بە مشور و تێگەیشتو تۆزێک مۆن دەهاتە بەچاو. ڕۆحسوک و لە دڵەوە نزیک بوو. من لە قسەکانی تێدەگەیشتم، خەریک بوو شەرمم لە بەرانبەریدا دەشکا، کەچی ئەم پرسیارەی لێکردم. پرسیارێکی شوم، وەڵامدانەوە بە پرسیارێکی وا بۆخەڵکی ئەگەر بەڕاستی خۆیان خۆش بوێ، بێ تەنگوچلەمە نییە
لەخۆمم پرسی، بەڕاستی یەزدانی من کێیە؟ خۆزگە دەمزانی ئەم پرسیارە تێکیشکاندم وابزانم هەر کەسێکی دیش بوایە نەدیدەتوانی خۆی نەدۆڕێنێ و هۆشی لای خۆی بمێنێ. ئەنیگای ئەو لە منی دەگرت لە ڕۆح و گیانم کاریگەر دەبوو،

بزەی لێوی دەهات، چاوەڕوانی وەڵامی من بوو، بەڵام دوبارە گوتی

«تۆ ماوەیەکی زیاتر لە پیویست بۆ وەڵامدانەوە، بێدەنگ دامای. ئێستا ئەم پرسیارەت لێدەکەم بەڵکو بتوانی جوابم بدەیەوە. تۆ نوسەری، هەزاران کەس نوسراوەکانی تۆ دەخوێننەوە، بێژە بزانم تۆ چ پەیامێکت بۆ گەلەکەت، پێیە؟ ئایا مافی ئەوەت هەیە شتێک فێری خەڵکی بکەی، هیچ بیرت لەوە کردوەتەوە؟»

بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا بە وردی ڕوانیمە دەرونی خۆم وامەزانن کە خۆم خۆم بەکەم دەزانم یان بە پێچەوانە دەمەوێ خۆم هەڵکێشم بۆ ئەوەی سەرنجی ئێوە بۆ لای خۆم ڕاکێشم. خۆ داوای سەدەقەش ناکەم، من بیر و هەست و ویستێکی ئینسانی لە دەرونی خۆمدا شک دەبەم، بەڵام هێزێک کە هەمو ئەم بیرە ڕون و ڕێک و ڕاستە کۆکاتەوە کە هەمو دیاردەکانی ژیان بگرێتەوە لە خۆمدا شکنابەم. هەستی ڕق لێبوون لەگەڵ گیانی مندا زۆر جار وەک ئاوری ژێر خۆڵەمێش تۆزێک دەگەشێتەوە و لەگەڵ ئاگری پڕتین و تەوژمی تورە بوندا هەڵدایسێ. بەڵام گومان و دوودڵی لە گیانمدا زیاترە. ئەم هەستە هەندێک جار وا ئەقڵم دەخاتە لەرزە، بە جۆرێک دڵم ڕێکدگوشێ کە ماوەیەک ڕەوانم تێک دەچێ و لەسەر خۆ

دەچم، تا ڕادەیەک دڵم سارد دەبێتەوە هەر دەڵێی مردووە، هیچ شتێک بۆ ژیان نامبزوێنێ. فکرم نیوە مردووە، مێشکم وەنەز ئەدا ودەچێتە خەو،مۆتکەیەکی هێزی دیتن و بۆچونم بە توندی دەخاتەگوشار. بەم شێوەیە وەک کوێر و کەڕ، شەو و ڕۆژ دەبەمە سەر. حەز لە هیچ ناکە، لە هیچ تێ ناگەم. واهەست دەکەم کە ئیدی بومەتە تەرمێک کە تەنیا لەبەر هەڵەیەکی نادیار هێشتا بە خاکیان نە سپاردوم. تێگەیشتن و بەردوام بونی ژیان ترس و لەرز زیاتر لە جاران بۆ ئەم ژیانە لە دەرونمدا پتر دەبێ. چونکە لە مەرگدا هەم مانا کەمترە، هەم تاریکی زیاتر. خاترجەم مەرگ تەنانەت چێژی ڕق داگرتنیش لە مرۆڤ دەستێنێ.

بەڕاستی من چ پەیامێکم بۆ گەل پێیە؟ داخوا وەک خۆم دەنوێنم، وام؟ج دەتوانم بە خەڵک بڵێم. هەر ئەو شتانەی کە خەڵکی دی زۆر لە مەوبەر گوتویانە و هەمیشەش دەیڵێنەوە و گوێگریشیان هەیە و هەرگیز خەڵکیش لەوەی کە هەن باشتر ناکەن! ئایا من مافی ئەوەم هەیە ئەم تێگەیشتنانەی کە خوم پێگرتووە و لەگەڵیان گەورە بووم، زۆر جاریش بەکردەوە نایانکەم! بڵاو بکەمەوە؟

ئەگەر ڕێگایەکی پێچەوانە کە لە دەرونمدا گورواون باشە چی وەڵامی ئەم پیاوە کە لە تەنیشتمەوە لەگەڵ من دانیشتوە بدەمەوە؟

بەڵام کابرا ئەوندە چاوەڕوانی وەڵامی من ماوە وەڕەز بوو. هەمیسان دەستی کردەوە بە قسە کردن.
گوتی«ڕاستی و دروستییەوە ئەدەوێ دەمت ڕیا کارانەیە کاتێک دەتەوێ سەبارەت بە بابەتێک بدوێ زۆر لە خۆت دەکەی. تۆ بۆ خۆت تیشکت نییە لەتیشکێکی دیکە ڕۆشنایی وەردەگری، پڕشنگی تۆ نادیارە و خەمزۆکە، سێبەرێکی زۆر پێک دەهێنێ، تین و تاویشی گەلێک کەمە لەشی کەس گەرم ناکاتەوە. تۆ سواڵکەرتر لەوەی کە بتوانی شتێکی بایەخدار فێری مرۆڤ بکەی. ئەوەش کە دەتەوێ بیکەی لەبەر ئەوە نییە کە لە ژیان و فکری باش و وشەی جوان چێژ وەردەگری، بەڵکوو زۆرتر لە هەموو شتێک لەبەر ئەوەیە کە دەتەوێ لای خەڵکی، خۆت هەڵکێشی و خۆت بنوێنی»
تۆ ئەگەر شتێک ببەخشی بۆ ئەوەیە کە بتوانی لە پارسەنگیدا زیاتر سوود وەرگری. تۆ سواڵکەرتر لەوەی کە دیارییەک پێشکەشی گەلەکەت بکەی. تۆ بەهرەیخۆرێکی بێنرخی. بۆ قازانجی خۆت مامەلە بە تەجرەبەی هیچ وپوچی خۆت دەکەی و سودی لێ وەردەگری. کاتی کپۆڵینەوی ڕاستی و دروستی قەڵەمەکات شتی لاوەکی ژیان هەڵدبژێریٚ. لەوانەیە، بە نەخش کردنی هەستی ئاسایی خەڵکی سادە، شتی بێ بایەخ بۆ ئەقڵی ئەوان وەدەرخەی. بەڵام ئایا توانایی ئەوت هەیە کە

هەر چەندە بچووکیش بێ،فکرێ کە ببێتە مایەی باڵا بردنی ڕۆح و گیانی ئەوان لە مێشکیاندا ڕاپەڕێنی؟

نا، پێت وایە ئەمە کارێکی بە کەڵکە، تۆ لەنێو زرِوزبڵی ڕۆژانەدا بگەڕێی و لێ بکۆڵەوە نەشتوانی لەم ڕاستە بێ نرخ و تامە زیاتر هیچ شتێکی دی پێشکەش بکەی، ئەوە بزانە کەتەنیا بە شەری هیچ و پوچ ئەم کارەدەکا. ئەوکەسەی کە نەفام وتێنەگەیشوو دەچێتە ژێر دەسەڵاتی چۆنییتی هۆی سەرزارەکی و دەرەوەی مەتڵەب. ئەمجۆرە مرۆڤانە جێگای بەزەین، چونکە بێ هێزن و تەنیان. هەرچەندە لەوانەیە تۆ لەم کارەدا سەرکەورووبی و ئەو کەسانە قانع بکەی کە ئەم مەتڵەبە بسەلمێنن، چونکە ڕۆحی ئەوان ساردە و بیریان برِناکا. هەر ئەمە بەسە، تا ئێستاش باوەڕی خۆیان لە توێی کتێبدا دەبینن. ئەو کتێبانەش بە تایبەت ئەگەر بە تەردەستی نووسرابن، کە پێی دەڵێن ژیرانە- و هەمیشە تا ڕادەیەک مرۆڤ هیپنۆتیزم دەکەن خوێنەر لە چاوی نووسەرەوە دەڕونێتە خۆی. کاتێک ناحەزی لە ڕادەبەدەری خۆی ببینێ بەڵام چارەی باشتر بوون لە خۆیدا بەدیناکا. ئایا تۆ دەتوانی ڕێگا چارەیەک لە بەر دەستی خوێنەر دابنێ؟ تۆ ناتوانی ئەم کارە بکەی. چونکە هەست خۆت . . .

بەڵام من بەزەیم بە تۆدا دێ چونکە هەست بەوە دەکەم کە تۆ لە حاڵێکدا کە گوێ بە قسەکانی من ئەدەی. لە بیری ئەوەدا

نیت لەبەر ئەم مەتڵەبە ڕاکەی و هەرچی خۆت دەتەوێ بڵێی-
**مامۆستایەکی باش دەبێ خۆی شاگردێکی گوێڕادێربێ** – ئێوەی نووسەر هەمووتان دەتانەوێ مامۆستای ژیانی ڕۆژانەی ئێمەبن.بەڵام ئێوە زۆرتر لەوەی کە بەخەڵی ئەدەن لەوانی دەستێننەوە. ئێوە تەنیا باسی کەموکوڕی دەکەن و هەر ئەمەش دەبینن!بەلام مرۆڤ لایەنی لێوەشانەوەشی هەیە.
مەگەر تۆ خۆت لەو مرۆڤانە نیت؟ تۆ خۆت لە خەڵکی ئاسایی و ڕەش و ڕووت زیاترە، بۆ بە بێ ڕوحمی بە تانە و توانجەوە سەیریان دەکەی؟
خۆت بە پەیامبەری ئەوان دەزانی، موعیزەیان بۆ دەکەی، گوناهەکانیان وەدەر دەخەی، بەڵام هیچ دەزانی کە ئەو پیاوە خاسانە و ئەو بەدکارانەی کە تۆ بەزۆر خولقاندوتن، وەک دووکڵافی ڕەش و سپی لەیەک ئاڵۆزاون ڕەنگیان بووەتە خۆڵەمێشی، بەشێک لە ڕینگی یەکتریان گرتوەتە خۆ. من گومان هەیە کە تۆ هەڵبژاردەی یەزدان بی . . .
یەزدان دەیتوانی یەکێک هەڵبژێرێ کە لە تۆ بەهێزتربێ و بتوانێ ئەوین و سۆزێکی ئاگرین لە ژیانی ئەواندا وەک پرشنگی هێز وگەورەیی خۆی تیشک باوێژێ
بەڵام تۆ وەک شەمی هێزی شەیتان وای. هەر دووکەڵت لێ هەڵدەستێ و لە فکر و ڕۆحی ئەواندا کاریگەر دەبێ، ژەهری بێ

باوەڕی بە خۆ، سەبارەت بەخۆیان دەپرژێنیێ. تۆ چی فێری ئەوان دەکەی؟ بێژە بزانم.

هەستم بەگەرمی هاڵاوی دەمی ئەوکابرایە لە سەر گۆنای خۆم دەکرد. تەماشای ئەوم نەدەکرد. چونکە لە ڕوانینی چاوەکانی ترسم هەبوو. وشەکانی وەک پڕشنگی ئاگر لە مێشکم کاری دەکرد و ئازاری ئەدام. بە شێوەیەکی پەشێوحاڵ تێگەیشتم کە وەڵام دانەوە بەم پرسیارە سادە چەندە دژوارە، جوابێکم نییە . . .»

کابرا هەمیسان دەستی پێکردەوە:

گوتی«من هەموو ئەو شتانەی کە تۆ و هی وەک تۆ دەینووسن بە وردی دەخوێنمەوە. لە تۆ دەپرسم بۆچی دەنووسی؟مەبەستت چییە تۆ کە زۆر دەنووسی، ئایا بۆ ئەوەیە کە هەستێکی باش لە دڵی خەڵکدا بزووێنی؟ ئەوە بزانە کە بە وشەگەلی سارد و سڕ ناتوانی ئەمکارە ئەنجام بدەی،نا، تۆ نەک هەر ناتوانی شتی تازە و نوێ بە ژیان زیاد بکەی، بەڵکوو ئەوشتەکۆنانەش تەنیاموچاڵە دەکەی و بێ ڕواڵەت و بێ فۆڕم تەحویلی ئێمە ئەدەی. کاتێک خوێنەر نووسراوەی تۆ دەخوێنێتەوە هیچی لێ فێرنابێ، ئەوە نەبێ بڵێ شەرمە، هەموو شتێک ئاسایی و لەبەر چاوکەوتوە. خەڵکێکی لە بەر چاو بێزر و فکرێکی ناحەز. . .

پێم بڵێ کەی دەتەوێ سەبارەت بە گیانی یاغی و پێوەست دووبارە زیندوو کردنەوە قسەبکەی لە کوێیە بانگ کردن بۆ خولقاندن و گیان بە بەردا کردن! لە کوێیە پەیامی ئازاتەتی و ئێلهام، لەکوێیە هاندری ڕۆح و گیان بێ، لە وانەیە بێژی ژیان بابەتی دیکەی لە مانە زیاتر بۆ ئێمە پێک نهێنێ. بەڵام نەکەی وابڵێی، چونکە بۆ کەسێک دەسەڵاتی بە سەر وێژەدا هەبێ شەرمە کە پێ لە بێهێزی خۆی بنێ لە بەرانبەر ژیاندا نەتوانی بەسەریدا زاڵبێ ئەگەر تۆ نەتوانی بە هێزی خولقاندن و دروست کردنی نمونەگەلێکی لە ژیاندا نییە بۆ فێرکردن پێویستە پێک بێنی بەس کاری تۆ چ بایەخێکی هەیە؟ چۆن ئەومافە بە خۆت ئەدەی کە نووسەر بی؟ تۆ کاتێک بیر و سەرنجی خەڵکی بۆ لای ڕووداو و کارەساتی بێ هوودە و وێنەیەکی نا پاک لە ژیانیان ڕادەکێشی، و زینیان دائاخنی، ئایا زیانی گیانی بە خەڵک ناگەیەنی؟بێ گومان وایە، پێی لێنێ کە ناتوانی ژیان بە شێوەیەک بنوێنی کە پەردی وێنەکە ببێتە هۆی ئەوە کە مرۆڤ شەرمی لە خۆی ببێتەوە و ڕقی لە خۆی هەستێ، ویستی بزۆز بە سۆز بۆ ژیان بە شێوەیەکی نوێ بزوێنێ . . .

ئایا دەتوانی دڵ لێدانی ژیان قاڵدەی و بینووسی؟ ئایا دەتوانی بە ئاوایەکی نوێ هێزێکی ئاوەدانی تێ وەگێڕی؟ »

هاووتو وێژە سەیرەکەم ساتێک بێ دەنگ بوو. منیش تۆزێک مات بووم. بیرم لە قسەکانی دەکردەوە، بەڵام ئەو دیسان دەستی پێ کردەوە

«من لە دەور و بەری خۆمدا مرۆڤی ئاقڵ زۆر دەبینم، بەڵام لە نێو ئەواندا ئینسانی پاک کەمن! ئەوانەش کە پاکن ڕوحیان ناساغە، دڵیان ناسکە، ڕوون نییە بۆچی هەمیشە ئەوانەی پاکترن و ڕۆحیان شەریفترە هەر بەو ڕادەیەش هێزیان کەمترە. ژیانیان دژوارترە، لە ئاکامدا لە خەم و تەنیای بەولاوە شتێکی دیکەیان نییە. کەچی هەر بەو ڕادەیەکە خەمی ژیانێکی باشتر لەواندا زۆرە بەو ڕادەیەش هێزی پێکهێنان کەمترە. ئایا داماوی و ژیانی تاڵی ئەوان هی ئەوە نییە کە بەوتە و ڕاوێژی هاندەرانە مێشک و گیانیان زاخاو نەدراوە و یارمەتیان نە کراوە! باش پێم بڵێ تۆ دەتوانی ئەو پێکەنینە کە شادیبەخش و هاندەری گیانی مرۆڤە بهاروژێنێ؟. مرۆڤ پێکەنینی لە ناخی دڵەوە لە بیر چوەتەوە. بە دڵپڕییەوە پێدەکەنی، زار و نزار پێدەکەنێ، زۆر جار لە  ئەسرینی خۆیدا پێدەکەنی، لە نێوان ئەم پێکەنینەدا تۆ هەرگیز ڕەنگی پێکەنینێکی کە لە قوڵایی دڵیەوەبێ بۆ مرۆڤ پێویستە بەدی ناکەی. وەک ئیمتیازێک کە مرۆڤ گیان لەبەراندا هەیەتی،ئایا تۆ دەتوانی پێکەنینێک بخولقێنێ کە دوور بێ لە پێکەنینە گاڵتە و هیچ و پوچانە کە بەامبەر بە وان

دەکرێ. نا ناتوانی چونکە مرۆڤێکی کەم نەرخ و جێگای بەزەیت. هۆشت کۆ کەوە! تەنیا کاتێک مافی ئەوەت هەیە لەسەر ئەو ئەساسە کە بتوانی هەستی ڕاستەقینەی خەڵک بزوێنی و یامەتییان بدەی تا بتوانی بەو یارمەتییە وەک گورزی گران، هەندێک لەو وێنانەی ژیان خراپێ و تێک و پێک وەردەی و لە جێگای ئەو خراپانە لەم تارێک تنۆکدا ژیانێکی سەربەست و ئازاد پێک بهێنی. تۆ دەزانی کە توڕەیی و کینە، شەرم لە خۆبون، ڕقلێبون و ناهومێدی ئامرازێکن کە بە یارمەتی ئەمانە مرۆڤ دەتوانێ لە دنیادا هەمووشتێک ژێر و ژورکا و لە نێویان بەرێ. داخوان تۆ دەتوانی ئامرازێکی وا سازبکەی، بیانبزوێنی چونکە ئەگەر مافی وتووێژ لەگەڵ خەڵک بە خۆت ئەدەی دەبێ یان عەیب نا تەواویە کانیان بە ڕق و بێزاریەوە نیشان بدەی، یان لەبەر خاتری ئەوەی کە بتوانی دەردەکانیان دەرمان کەی، لە ناخەوە گەورەترین ئەویندارى ئەوان بی. ئێستا کە تەنانەت پڕشنگێک لەو هەستە لە دەرونی تۆدا بەدیناکرێ. بڕۆ قوڵایی دەروونی خۆتەوە! پێش ئەوەی قسەیەک بکەی بڕۆ گێژاوەی بیر و ئەندێشەوە!»

هەوا تازە خەریک بوو ڕون دەبووەوە، بەڵام تاریکی تا دەهات لە دەرونی مندا زتادی دەکرد و گۆڕەوشاری ئەدام بەڵام ئەو کابرایە کە هیچ کەلێن و قوژبنێک لە دەرونی من بۆ وی شاردراوە نەبوو، هێشتا هەر قسەی دەکرد جار، جار، ئەمفکرە

لە دەرونی مبدا بەهێزتردەبوو وەها توابوومەوە نەمتوانی بیر لە مەتڵەکە بکەمەوە وشەکانی ئەو وەک دەرزی لە مێشکم ڕۆ دەچوو کەمی خایاند دیسان دەست پێ کردەو.

«ژیانی ئێمە هەم لە پانایەوە،هەم لە قوڵاییەوە، پەرە دەستێنێ، بەڵام گەشە و بڵاو بوونەوەی زۆر بە دزە بەرەو پێش دەڕوا. چونکە نووسەری وەک تۆ، توانایی گورج و خێرا بزواندنی ژیانی نوێ پەرەدەستێنێ، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ خەڵک فێری پرسیار کردن دەبن، کێ وەڵامی بەڵام پرسیارەکانیان ئەداتەوە! خۆ دیارە ئێوەی ساختەچی و بەناو پێشەوای خەڵک. بەڵام ئایا ئێوە خۆتان مانای ژیان بەو ئەندازەیە دەرک دەکەن کە بتوانن بۆ خەڵکی دی ڕوونبکەنەوە! ئایا مانای نیازی زەمانەی خۆتان تێدەگەن،تا ڕێگای داهاتوو دیاری بکەن؟ تۆ دەزانی کە ئەمڕۆ ئینسان لەبەر ناپاکی ژیانی فاسید ڕۆحیەی خۆ لە دەست داوە. حەزیژیانی زۆر کەم بوەتەوە. مەیلی بۆ ژیانێکی شایان بەرەو تەواو بوونە دەیەوێ وەک بەراز بژی تێدەگەی. چونکە ئینسان وەک ئێسکی ڕەقی لێهاتووە، وێنەی ئێسک بو گوشتەوە ئەستوور دا پۆشراوە. ئایا تۆ دەتوانی کۆمەڵێ بزوێنەری ناحەز ڕۆحی مرۆڤی کوشتووە. ئایا تۆ دەتوانی هەستی راپەڕینی ئەوان ببزوێنی؟ لە گریما گیانی ڕزگاری کەی تۆ کە دەتەوێ ئامانجی ژیان فێریگەل بکەی. ببزو، زووبە! مرۆڤ نیازی بە ئاگا لێبوون هەیە تا کاتێک هێشتا ئینسانە یارمەتی بدە، تا بژی بەڵام تۆ بۆ

بێدارکردنەوەی ئیشتیای ژیانی مرۆڤ ناوانی هیچ بکەی، چونکە هەر دەکرۆزێیەوە، تەنیا دەناڵێنی و ئاخ هەڵدەکێشی،بە بێ لەبەر چاو گرتنی چۆنییەتی و ڕزیو بوونی مرۆڤ نیشان ئەدەی. بۆنی پواوی و بۆگەن بوونی ژیان مرۆڤ کاس و وڕ دەکا،دڵ پڕبووە لە بێ غیرەتی،بێ بایەخی، بێ هێزی و تەمەڵی هۆشی لە کار خستووە. دستی مرۆڤی کەلەپچە کردووە.تۆ لەم کاتی ئاڵۆزی و بێ سەرە و بەرەیی و نەبوونی و بێ وازیەدا، چ دەکەی! تۆ مرۆڤێکی بچووک و بێ قیمەتی، جێگای بەزەیت، خۆزگە مرۆڤێکی مرِ ومۆچ، خۆسەویست، کە دڵێکی پڕ سۆزی و مێشکێکی توانای هەبوایە پێدا دەبوو و دیتوانی بەسەر کە بەسەر هەمووشتێکدا زاڵ بوایە، چ دەبوو کە لەم تنگانە و تاریکی مات و کڕیەدا، وتەگەلێکی وەک «موجیزە»دەبیسرا. چ دەبوو کە زەربەیەک وەک دەهۆڵ ڕۆحی بی بایەخی ئەم تاقمە مردووە، کر و بێ بزوانەی دەخستە لەرزە!»

دوای ئەم قسانە بۆ ماوەیەک بێدەنگ بوو. من دەمرِوانییە ئەو، نازانم کامیان لەم دوانە- ترس یان شەرم- لە دەروونمدا، تا دەهات زیاتر دەبوو. دیسانەوە لە سەرخۆ پرسیارێکی دی لێکردم.

«تۆ چیت هەیە بە منی بڵێی؟»

لە وەڵامدا گوتم هیچ!
دیسان وەک هەوەڵ، بێدەنگی باڵی کێشا، تا کابرا دیسانەوە پرسی
«بلێ بزانم، ئێستا تۆ چۆن دەژی؟»
گوتم نازانم
گوتی چۆن نازانم!
من بێدەنگ بووم، کڕ و مات، هیچ کارێک لە بێدەنگی ئاقڵانەتر نوبوو. ئەویش بێدەنگ بوو. دوای ئەو ماوە بێدەنگییە،کابرا قاقا پێکەنی، بە جۆریک بە حەز و تاسەوە پێدەکەنی کە دەتگوت لە مێژە ماوەی ئەم جۆرە پێکەنینەی بۆ نەرەخساوە. بەڵام من لەتاو ئەو پێکەنینە بە لەحنەت بووەی ئەو دڵم پڕ دەبوو لە خوێن.بە پێکەنینەوە دەستی پێ کردەوە
«هە... هە...ها... ئەمە تۆی مامۆستای ژیان! تۆ کە بەم سووک و ئاسانییە خۆت دەدۆڕێنی. پێموایە ئەمجار دەزانی من کێم. هە... هە... ها...ئەگەر هەر کامێک لەم لاوانەی کە وەک تۆ بە پیری لە دایک بوون،سەر و کاریان لەگەڵ مندا بێ، هەر وەک تۆ خۆ دەدۆڕێنن و سەرەگێژە دەگرن- ڕەنگا تەنیا ئەر ئەوکەسە لەرانبەر ویژدانی خۆیدا نەلەرزێ، کە خۆی بەزرێی درۆ و بێشەرمی داپۆشییێ.توانایی تۆ ئەوندە کەمە، تەنیا مستێکت بەسە کە سەروژێرت کەن. دە قسەبکە! شتێک بلێ و خۆت لە چنگ من ڕزگارکە. ئەوەی من دەیلێم بە دروم

بخەوە. گیانی خۆت لە دەست چەپۆکی و خەجاڵەتی و ئازار نەجاتدە. لانیکەم بۆ دە دقیقەش بووە بە هێزبە، باوەڕت بە خۆت هەبێ،تا منیش ئەوەی بە تۆم گوتووە وەریگرمەوە و لە بەرپێدا بە چۆکدابێم،سەر داخۆەم و کڕنۆشت بۆ بکەم، مەترسە، هێزی دەروونی خۆتم نیشان دە. تا باوەڕ بکەم کە تۆ مامۆستای و ببمە شاگردت. من پێویستم بە مامۆستا هەیە، چونکە مرۆڤم، دەمەوێ شت فێربم. من ژیانی خۆم لە تاریکاییدا ونکردووە. بەدوای ڕێگەی ڕزگاری وبەرەو ڕۆشنایی بۆ ڕاستی و جوانیدا دەگەڕێم، بەدوای ژیانێکی نوێدا وێڵم. ڕێگام نیشادە، من ئینسانم، ڕقت لە من بێتەوە، لێمبدە، تەمێمکە، بەڵام لە پارسەنگیدا لە نێو زۆنگ و زەلی لاپرەسەنی ژیاندا دەستم بگرە و نەجاتمدە. من دەمەوێ باشتر لەوەیبم کەهەم چ بکە، فێرمکە! »

بیرم لە قسەکانی دەکردەوە، ئایا ئەم داوایە کە ئەم کابرایە، بە مافی خۆی دەزانێ و لە منی دەکا، ئەرکە لە ئەستۆی منی دەنێ، بۆ من چێ بەجێ دەبێ.

تاریکی و گومان بە سەر فکری مرۆڤدا زاڵدەبێ. شەمی ژیان دەکەژێتەوە. دەبێ ڕێگای دەرباز بوون ببینمەوە. ڕێگا لە کوێوەیە؟ من تەنیا ڕێگایە زیاتر نازانم. نا، نابێ بۆ بەختەوەری تێبکۆشم، پێویستم بە بەختەوەری نییە. مانای ژیان لە بەختە،

له خۆڕازی بووندا نابینم. ئینسان بەمە ڕزگار نابێ.چونکه بەبێ گونان- پلەی مرۆڤ زۆر بەرز تر له مانەیە.

**مانای جوانی ژیانی بەڕاستی له تێکۆشاندایه بەرو ئامانج. بوون و ژیان دەبێ سات بە سات ئاناجێکی بەرزتر و باشترێ هەبێ.**

مرۆڤ دەبێ ئەم فەرمانه وه ئەستۆی خۆی بگرێ، بەڵام نەک له چوارچێوی کۆن و سواوی ژیانێکی که هەموو شتێکی تێدا، تا ئەم ڕادەیه بەرتسکه، ئازادی ،ڕۆح وفکری ئینسان گۆڕەوشار ئەدا.

کابرا هەمیسان دستی کردەوه به پێکەنین. بەڵام ئەجار زۆر به نەرمی و ئارام،وەک پێکەنینی کەسێک که بەسەر هەستی خۆتدا زاڵبێ بەو شێوەیه

«ئینسان له دنیایەدا زۆر هاتون و چوون، بەڵام زۆر کەم ئاسەواریان له خۆیان به یادگار بۆ ئێمه بەجێ هێشتوه. بۆچی دەبێ وابێ، ئێمەش لەحنەت بۆ ڕابردووی خۆمان دەنێرین. چونکه سەبارەت به خۆمان لەڕادەبەدەر وەجوڵانەوەمان دەخا!داخەکەم ئەمرۆکه ئەو جۆره مرۆڤانه که پش مردنی خۆیان ئاسەواری پڕبایەخیان له دوای خۆیان به جێ هیشتووه ئەسڵەن وەچنگ ناکەون! ئینسان دەچێته خەو، دەچنه سەر خووی حەیوان. مرۆڤ پێویستی به فەلاقه کردن هەیه. بەڵام بەدوای ئەوەدا لاوانەوەیەکی ئاگرین،لەگەڵ تین و تاوی

خۆشەویستی پێویستە، لێدە، فەلاقەی کە، مەترسە، چونکە ئەگەر تۆ ئەوت خۆش بوێ کاتێک کە ئازاری پێگەیەنی، بە خۆیدا شکاوە، ئەودەم تۆ بەتین و تاو بیلاوێنەوە، دووبارە چی،جار،بەجار بەکردەوێ خراپ و کاری ناپەسند. بیری ئێمە سەبارەت بە خۆیان ئاڵۆز دەکەن وزەینمان دەخەنە گومانەوە، بەڵام هەمیشە نیازیان بە کۆششی نەپساوە هەیە بۆ خۆراکی تازەی سڵامەتی ڕۆحی. ئایا ئێمە دەتوانین، خەڵکمان خۆش بوێ؟»

بە گومانەوە پرسیارەکەی دووپاتکرەدەوە «خەڵکمان خۆش بوێ!بە ڕاستی خۆشم نازانم. ئایا خەڵکم خۆش دەوێ یان نا- دەبێ مرۆڤ پێش ئەوەی وڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە، ڕێک و ڕاست بڕوانێتە دەروونی خۆی و لە خۆی بپرسێ «خۆشم بوێ» کێیە بە خۆی بێژێ بەڵێ من مرۆڤم خۆش دەوێ، یان نا، مرۆڤ دەبێ ڕێک و ڕاست بڕوانێتە دەروونی ماوەیەکی درێژ بیری لێبکاتەو و. هەموو دەزانین کە نزیکترین کەسی ئێمە هەزاران پا لە ئێمە دوورن»

کابرا گوتی«تۆ مات بووی، قەی ناکا، بەبێ ئەوەی تۆ قسە بکەی من لە مەبەستی تۆ تێ دەگەم وا من دەڕۆم»

گوتم ئاوا زوو؟ بەڵام خۆفم لە خۆم هەبوو، مات و بێدەنگ کڕ بوو.

کابرا گوتی«بەڵێ، دەڕۆم»

ئەو ڕۆیی، بەڵام من دیسان بۆ ماوەیەک، هەر لەسەر نیمکەتی نێو باخەکە دانیشتم. هەستم بە سەرماکەی دەرەوە نەدەکرد. هیچ نەمزانی بوو، کە ڕۆژ وەدەرکەوتووە و پرشنگی بە سەر لق و پۆپی سەهۆڵبەستەی دارەکان بڵاو بوەتەوە. ڕوانینی ڕۆژی ڕۆشن و هەتاوەکە وەک هەمیشە بە کەمتەرخەمییەوە ئەدروشاوە. تەماشای ئەم زەوییە کۆنساڵە کە بفری سپی بۆی ببوە بەرگ و داییپۆشی بوو. لەژێر تیشکی خۆرەکەدا بروسکەی دەهات و لە بەر چاوم سیر و سەرنڕاکێش بوو . . .

ڕەحمان سۆفی کەریمی